وەزارەتی کشتوکاڵ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ژمـــــارە : ٣٢٠٤/١
ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣

# ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٧
# بە مۆڵەت دانی نەمامگە

## ﴿ ڕێنمایی بۆ مۆڵەت دانی نەمامگە ﴾

بۆ زیاد کردنی بەرهەم هێنانی نەمامی مێوەی جۆراو جور و گوڵ و رووەکی کێڵگەیی کەرتی تایبەت لەم بوارە و هێنانی نەمام لە دەرەوەی سنوور وە پشت بە بریاری ژمارە (٤٥٥) لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/١٨ بریارمان دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بۆ مۆڵەت پێ دان :

١. پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بە ڕێگای لقی ڕەزگەری و دارستان و پاوانی ناوچەکە ، ئینجا بەرز بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕەزگەری و دارستان و پاوان لە پارێزگا کە دەست دەکرێت بە هەنگاوەکانی مۆڵەت پێ دان.
٢. مۆڵەت دان بە دروست کردنی نەمامگە لە سەر زەوی مولك یان زەوی دەولەت دەبێت کە مافی بە کارهێنانی هاووڵاتیانی لە سەرە، وە ئەگەر زەویەکی(مشاع) بوو لە نێوان چەند جوتیارێکدا، ئەوا پێویستە ڕەزامەندی هەموو هاوبەشەکانی لە سەر هەبێت ، یان خاوەن داواکار گرێ بەستی یاسایی هەبێت لە گەڵ فەرمانگەی پەیوەندار.
٣. مۆڵەت دەدرێت بۆ دروست کردنی نەمامگەی مێوە وسەوزەوات و بەرهەم هێنانی گوڵ بە مەرجێك زەویەکە لە (٥)پێنج دۆنم کەمتر نەبێت.
٤. پێویستە خاوەن نەمامگە ئاگاداری فەرمانگەی پەیوەندار بکات لە کاتی گواستنەوەی نەمامگەکەی.
٥. ئەو جۆرە دارانە و توخمەکانیان و بنەرتەکانیان (الاصول) کە بەرهەم دێت لە نەمامگە پێویستە لە (مواصفات) ی زۆر چاك بێت و تووشی نەخۆشی و مەگەز نەبوبێت لە کاتی فرۆشتنی.
٦. خاوەن نەمامگە پێویستە نەمامی تووش بوو بە نەخۆشی و مەگەز بفەوتێنێت.
٧. شوێنی نەمامگە و زەویەکە شیاو بێت بۆ مەبەستی دروست کردنی نەمامگە.

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٨. بۆ هێنانی نەمام لە دەرەوە یان فرۆشتنی نەمامی هاوردە پێویستە خاوەن نەمامگە پابەند بێت بە ڕێنمایی یەکانی (حجزالزراعی).

٩. پێویستە خاوەن نەمامگە شارەزاییەکی باشی هەبێت لە سەر ئەو نەمامانەی کە دەیان فرۆشێت.

١٠. پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ ( **بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەری ودارستان وپاوان** ) وەربگێرێت بۆ هێنانی ویان بردنی نەمام بۆ دەرەوەی سنوور.

١١. لە بەڕێوەبەراییەتەکانی ڕەزگەری و دارستان وپاوان لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام، دوانیان شارەزا لە بواری ڕەزگەری و سێ هەمیان پێوەر بێت و چوارەم نوێنەری ئەو لقە بێت کە نەمامگەکە لە ناو سنوری دادەمەزرێت و سەرۆك لیژنەش پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت .وهەر (٦) شەش مانگ جارێك ئەم لیژنەیە بگۆردرێت.

١٢. بۆ مۆلەت دان پێویستە لیژنەکە گشت کاری پێویست ئەنجام بدات وەك پشکنێنی زەویەکە و وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا ورێگاوبان وشوێنەوار.

١٣. ڕەسمی پشکنێنی زەوی وبەخشینی مۆلەت ونوێ کردنەوەی ، بە پێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

١٤. داواکاری گرێ بەستی نوێ یان (سند ملکیە) ی نۆێ پێش کەش بکات وە ئەگەر زەویەکە بە بریاری دابەش بوون بوو دەبێ بریارەکە پەسند کرابێت.

١٥. پێویستە سەرپەرشتی کردنی نەمامگە لە لایەن ئەندازیاری کشتوکالی بێت وبۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی تایبەت دەدەین بە هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی ئەندازیارانی کشتوکالی.

١٦. ڕێکخستنی نەخشە بۆ نەمامگە.

١٧. خزمەت کردنی نەمامگە بە شێوەیەکی زانستی و ڕێك بکرێت بە تایبەتی لە ڕووی قەلاچۆکردنی مەگەزو نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بلاوبونەوەی نەخۆشی بۆ پارچەباخی تر.

١٨. نابێت زەویەکە بەکار بێت جگە لە مەبەستی دروست کردنی نەمامگە و بە پێچەوانە مۆلەتی لێ دەسێندرێتەوە.

١٩. کەلیشەی مۆلەت بەم شێوەی هاوپێچ دەبێت کە لەگەڵ ئەم ڕێنماییان هاتووە.

**عبدالعزیز طیب**

**وەزیـــــری کشتوکــــــال**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com